وەزیری نەوت لەگەڵ شاندی تورکیا تاوتوێی چەند پرسێکی هاوبەشیان کرد

ئەمڕۆ سەشەممە، حەیان عەبدولغەنی سەواد، جێگری سەرۆک وەزیران بە کاروباری وزە و وەزیری نەوت لەگەڵ شاندێکی تورکیا تاوتوێی پرسە هاوبەشەکانی کرد.

وەزارەتی نەوت لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە: "حەیان عەبدولغەنی سەواد، جێگری سەرۆک وەزیران بە کاروباری وزە و وەزیری نەوت، پێشوازی لە شاندێکی لایەنی تورکیا کرد کە بریکاری وەزیری وزەی تورکیای ئەحمەد جونگەر، ئەنیل بەرا ئینان، باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا و نوێنەرانی وەزارەتی وزە و سامانە سروشتییەکان لە تورکیا و باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا تێدابوو".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا بابەتەکانی پەیوەست بە پرسی نەوت تاوتوێ کران".

جەختیشی لەسەر ئەوە کراوەیەوە کە ، "لە کۆبوونەوەکەدا بەوبەری گشتی کەمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق و بەوبەری بەشی یاسایی لە وەزارەتی نەوت ئامادەبوون".